# کۆنگرەی دووهەمی ڕێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ
# له برینانیا به ڕێوه چوو

ڕێکخراوی مافی ژنی کورد, مافی مرۆڤ کۆنگرەی دووهەمی ساڵانەی خۆی لە شاری لەندەن لە وڵاتی بریتانیا لە ڕێکەوتی ٣ی مەی ٢٠٠٨دا بەڕێوە برد. لەم کۆبونەوەدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و چالاکانی مافی ژنان و هەروەها نۆێنەرانی حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵات بەشداریان هەبوو. جێگەی سەرنجە کە زۆربەیٚ ئەم بەرێزانە لە وڵاتانی دیکەی ئوروپاوە لەم کۆبونەوەدا بەشداریان کردبوو. کۆنگرە پاش یەک دەقیقە بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی هەموو گیابەختکردووانی ڕێیازی ئازادی و یەکسانی ئینسان، بەرنامەی خۆی بەم چەشنە بە ئەنجام گەیاند. بە شیعرێکی شاعیری گەورە وئازادیخوازی کورد، شێرکۆ بێکەس کە لە لایەن بەرێز چیمەنی ڕەحیمیەوە پێشکەش کرا، بێدەنگیەکە شکا. پاشان بەرێز ناهیدی بەهمەنی کورتە باسێکی سەبارەت بە ناساندنی ڕێکخراوەکە و پەیڕەو و پرۆگرامەکەی بە ئاگاداری میوانان و ئەندامانی بەشدار بوو گەیاند. لە درێژەی بەرنامەکەدا پەیامی ڕێکخراوی ژنانی "ئازەرمێهر" کە لە شاری سنەوە ئاراستەی ئەم کۆنگرەیە کرابوو، خوێندرایەوە.لە دووایيدا بەرێز رووفیا رەمەزانعەلی، ئەندامی مافی ژنی کورد,مافی مرۆڤ لە سە ر بارودۆخی ژنانی کورد ومێژووی خوێندەواریان و پلەی کاری و کۆمەڵایەتیان بەحسێکی هێنایە گۆرِیٚ و داوای لە بەشداربووان کرد تا بۆ چارەسەر کردنی موشکیلاتی ژنانی کوٚرد، لەوانە خۆکوژی و کوشتنی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستاندا ڕێگایەکی شیاو وچارەسەرێکی خێرا ببیندرێتەوە. بەشداربووانی کۆنگرە را و بۆچوونی خۆیان لەم بابەتەوە بە هەستێکی بەرپرسانەوە دەربڕی. لە دوای کۆتایی پیٚ هێنان بەم بەحسە، کاک فاروقی بابامیری بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەوە قسەی کرد و ئامادەبوونی ئەم حزبەی بۆ داکوکی کردن لە مافی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە هەموو بابەتێکەوە ڕاگەیاند. پەیامی بەرێز کوێستان گادانی ئەندامی ناوەندی حیزبی دێموکرات لە لایەن ئەم بەرێزەوە بەشێکی دیکەی پرۆگرامەکەمان بوو. پاشان کاک سەعیدی شەمس بە نوێنەرایەتی "کۆمەڵگای یەکگرتووی کوردەکانی

ڕۆژهەڵات لە بریتانیا"وە سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە کوردوستانی ڕۆژهەڵات وتەیەکی پێشکەش کرد و پێویستی پێک هێنانی ناوەندێکی بۆ لێکۆلینەوە لە سەر کێشەی ژنانی کورد خستە بەر سەرنجی بەشداربووانی کۆنگرە.

بەشی دووهەمی ئەم بەرنامەیە بە لێکۆلینەوە لە سەر کار و چالاکیەکانی یەک ساڵی رابردووی ڕێکخراوەکە درێژەی پێ درا و چاوخشاندنەوەیەک کرا بە سەر کەم و کۆریەکاندا و پێشنیار و گەلالەی باش بۆ داهاتووی کاری ڕێکخراوەکەمان هاتە گۆڕێ. چالاکانی ڕێکخراوی مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ، راپۆرتی کاری خۆیان لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا پێشکەش کرد. دوای بیستنی گۆزارشەکان، لە کۆتاییدا دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە بە بەشداری ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامان هەڵبژێردرا. هەروەها ناوەندێک بریتی لە چەن کەس لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە بە مەبەستی توێژینەوە و کار لە سەر پرسی ژنی کورد، بە نێوی "ناوەندی لێکولینەوە ژنی کورد" پێک هات. جێگای ئاماژەیە کە لەم مەراسمەدا چەن کەس لە میوانان و دوستانی بەشداربوو لە سەر داوای خۆیان بە فەرمی وەکو ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیە وەرگیران. هەروەها کۆنگرە بریاری دەرکردنی راگەیاندنێکی بۆ پشتێوانی لە خەباتی چالاکانی ژنی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات، پەسەند کرد.

کۆنگرەی دووهەمی "مافی ژنی کورد,مافی مرۆڤ" لە کەش و هەوایەکی رەفیقانە و پر لە هەست دا لە ئێوارەی ئەم روژەدا سەرکەوتوانە کوتایی بە کاری خۆی هێنا.

## دەستەی بەڕێوەبەری مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ

مەی ٢٠٠٨



e.mail: kurd_women@yahoo.com
web: http://www.mjkorg.com/